چیرۆکی وەرگێڕدراو

فەرید هورمزیی



# خەونە پەمەییەکان

## هەشت کورتیلە چیرۆکی تورکمانی

و: عەبدولستار جەباری

**١- هاوكێشە**

كیژەكە وەڵامی دایەوە:

- من...

كە لێی پرسی تۆ منی، ئەی كەواتە من كێم؟!

**٢- جوانی**

پێی گوت:

- خانمەكەم لە چی دەگەڕێی؟!

وتی:

- بە دوای جوانییدا وێڵم.

- وەلێ جوانی خۆی بە دووی تۆدا دەگەڕێ، چونكە تۆ خۆت جوانیت!...

**٣- نیگا**

كیژەكە وتی:

- چۆن لە خۆشەویستی دەڕەوانیت؟!

وەڵامی دایەوە:

- من تەنیا تەماشای تۆ دەكەم!!

**٤- خوێندنەوە و خوێندنەوە**

كیژەكە وتی:

- ها ئەوە دەستم، ناولەپم بخوێنەوە.

- نەدەزانم بخوێنمەوە و نەبڕواشم پێیەتی

- ئەی چی دەزانی؟!

- دەزانم رستەكانی دڵت بخوێنمەوە

- چۆن؟

- لە نیگای هەردوو چاوە سیحراوییەكانتەوە دەیانخوێنمەوە!

**٥- بارانی چاو**

بەکیژەکەی گوت:

- گەر پرسیاری نهێنی رەنگی چاوتیان لێ کردی. پێیان بڵێ:

رەنگیان لە لێزمەی ئەو بارانە وەرگرتووە، کە لە برینی دڵی خۆشەویستەکەمدا باری!...

### ٦- بۆچوون

بەکیژەکەم گوت:

- لێوەکانت بڵێسەی ئاگرن، کێ دەیان کوژێنێتەوە؟!

- تۆ...

- بەڵکو من پتر گڕیان تێ بەردەدەم!

### ٧- دەردی بیرچوونەوە

- راستە تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە هاتوویت؟!

- ئەدی...

- ئایا منت لەبیر کردووە؟!

- لە خۆشبەختی تۆدا بیرم چوو لەبیرت بکەم!!

### ٨- سرووتێک لە پەرستگای چاوەکانتدا

- ئێستاکە هاتوومەتە ژووانت، خۆشەویستم داوات لێ دەکەم چاوت ببڕیتە نێو چاوانم، من لە تیشکی چراکان وەڕس بووم.

- چاوت تێ دەبڕم و هێند تەماشای دەکەم، تاکو بەرۆندکی ژووانمان دەستەسڕەکانم تەڕ دەبن..

- تۆ چەنێ ناوازەی لە هەستەکاندا و منیش لە میحرابی چاوەکانتدا وێرد دەخوێنم...

سەرچاوە: مجلة یورد- عدد (١٤) - ٢٠٠٨.